ئەوانەی وردەیان لێدەبارێت

ئەو نامەیە بەناوی (قادر) هی ئەبوشەهابە ، کە ناوی راستی (ئیحسان نەجم) ە لە ٢٢-٨-١٩٧٦ نووسیویەتی ، ئەودەم ئەبوشەهاب ئەندامی لیژنەی شارەکان، لیپرسراوی کەرکووک بوو. ئەو رۆژە بۆتە پێشمەرگە، چۆتە شاخ و شۆرش هەڵگیرساندن، ئەو نامەیەی بۆ مامۆستا ئیبراهیم جەلال نووسیوە، کە ئەندامی لیژنەی شارەکان بووە لەسلێمانی.